## نێچیرڤان بارزانی: کاتێک باسی دەستوور دەکەن بۆ ئەو ماددانەیە کە لە بەرژەوەندیی خۆیان دایە

# هەوڵ دەدەین دوا وادەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان دیاری بکەین

## دیالۆگێکی ڕێکوپێک لەسەر بنەمای دەستووری عێراق بە چارەسەر بۆ هەموو ئەو کێشانە دەزانین کە لە نێوان هەولێر و بەغدا هەن

دووهەم لادانی ئەو ڕاگەیاندنەی کە پێشتر لە دەستەی ڕاگەیاندنی عێراق هەبووە کە گوتوویانە سێ پارێزگاکە، ئەمەش پێچەوانەی دەستوورە چونکە هەرێمی کوردستان یەک قەوارەی سیاسییە. سێیەم گشتاندنێک لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەرچووە بۆ هەر کەسێک بیەوێ بچێت بۆ مۆڵەت دەبێت بنووسێت دەچێت بۆ کام پارێزگا، نابێت بنووسرێت بۆ هەرێمی کوردستان دەچێت!، ئەمانە هەمووی خۆی پێچەوانەی ئەم قسانەیە کە چۆن ڕێز لەو دەستوورە دەگرن و پێچەوانەی ئەوەیە کە ڕێز بۆ ئەو قەوارە سیاسییە دادەنێن کە پێی دەڵێن هەرێمی کوردستانی عێراق. بەداخەوە سیاسەتی ئێستا مەسەلە نە ڕیفراندۆمە و نە هیچ، ئەو سیاسەتەی کە ئێستا ئێمە دەیبینین هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، ئەمەیان ترسناکە و تەنیا بۆ حزبێکی سیاسیش نییە، بەڵکو بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، هیواداریین و داوا دەکەین و پێمان وایە و دووپاتیشی دەکەینەوە کە دەبێت کێشەکانی ئێمە لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکرێن کە گەلی عێراق دەنگیان پێداوە، دەمانەوێت گفتوگۆیەکی جددی لەسەر ئەو بنەمایە بکەین و ئەوەش لە بەغدا چاوەڕوان دەکەین پابەندی ئەو دەستوورە بێت و جێبەجێ بکات. زۆر بڕیاری کە دەردەکرێن نادەستوورین، زۆر لەو بڕیارانەی لە پەرلەمانی عێراق دژی هەرێمی کوردستان دەرکراون، نادەستوورین و دەستوور ڕێگە نادات بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکرێت، کاتێک باسی دەستوور دەکەن بۆ ئەو ماددانەیە کە لە بەرژەوەندیی خۆیان دایە، ئەگەر لە بەرژەوەندیی خۆیاندا نەبێت باسی دەستوور ناکرێت، دەبێت هەموو مادده دەستوورییەکان وەک خۆی ببینرێن.

سەبارەت بە هەوڵەکانی ئەمەریکاش، بە سوپاسەوە دەڕوانینە ئەو هەوڵانەی کە ئێستا دەربارەی دەستپێکردنی گفتوگۆ هەیە، بەڵام تا ئەو کاتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین هیچ وادەیەک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ دیار نییە. ئەگەر دانوستانی ئێمە لەگەڵ بەغدا دەستپێبکاتەوە، ئەو نووسینگەیەی لە بەغدا هەمانە دەبێت گرنگی پێبدرێت و زۆر چالاکتر ببێتەوە. سەبارەت بە قەدەغەکردنی کاری چەند دەزگایەکی میدیاییش، ئێمە پێمان وایە ئەوە کارێکی دروست نییە و هیواداریین ئەم بابەتە چارەسەر بکرێت.

دەربارەی قەیرانی دەرمان و هەوڵی حکوومەتی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و پرسی مووچەی پێشمەرگە ئەگەر لە نەفەقاتی سیادیی عێراق نەدرا، بەڕێزیان ڕایگەیاند: ئێمە پێمانوایە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق سەدا حەڤدەیە و لە دەستووریشدا هاتووە کە پێشمەرگە بەشێکە لە سیستەمیی بەرگریی عێراق و شەڕی داعشیش باشترین نموونەیە کە پێشمەرگە بە هاوکاریی سوپای عێراق بەیەکەوە کارێکی زۆر جددییان کرد بۆ بەرگریکردن لە عێراق بەگشتی، گەر ئەو یارمەتییەی پێشمەرگە نەبوایە زۆر زەحمەت دەبوو سوپای عێراق بتوانێت بچێتە ناو مووسڵ، ئەمانە هەمووی ئەوە پیشان دەدەن کە پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگریی عێراق و بەغداش دەبێت بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسەدا بکات. بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان سەدا دوازدە نییە و بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسیی نێوان هەولێر و بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە سەدا حەڤدەیە. کاتی خۆی بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوو سەرۆک مام جەلال لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق کە خۆشم لەو کۆبوونەوەیە ئامادەبووم، لەسەر ئەو بنەمایە سەدا حەڤدە دیاری کرا، ئەگەر سەرژمێری لە عێراق کرا ئەو کاتە هەرێمی کوردستان چەندە با ئەوەندە دیاری بکرێت، تا سەرژمێری دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بڕیار لەسەر ئەو حەڤدە لەسەدە درا، ئێمە داوای بیست و سێ لە سەدمان دەکرد و ئەوان دەیانگوت ئەوە زۆرە و هاتین لەسەر ژمارەی حەڤدە لەسەد ڕێککەوتین تا ئەو کاتەی سەرژمێری لە عێراق دەکرێت و کە ئەوەش کرا ئێمە لاریمان نییە چەند دادەنێن، دەبێت عێراق پابەندی ئەو ڕێککەوتنە بێت و ئەگەر سەرژمێری کرا بەشی ئێمە زیاتر یان کەمتر ببێت کێشەیەکمان نابێت، بەڵام تا ئەو کاتە دەبێت ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت. سەبارەت بە دەرمان ناڵێین کە ئەوان هیچیان نەناردووە، ئێمە دەڵێین کەمیان کردۆتەوە، لەسەر هێڵێن لەگەڵیان بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و ئێمە پێویستیمان بە دەرمانە، ئێستا ملیۆنێک و چوارسەد تا پێنجسەد هەزار ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان هەن و خزمەتگوزاریی لە هەرێمی کوردستان وەردەگرن و بەهۆیەوە ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان سی لەسەد زیادی کردووە، تێچوویان لەسەر حکوومەتی هەرێم نزیکەی ملیارێک و پێنجسەد ملیۆن دۆلارە، ئەمە هەمووی لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێت، هەرێمی کوردستان پێویستی بەو یارمەتییە هەیە و لە هەموو جیهانیش وایە کە دەبێت ناوەند خۆی بە خاوەنی ئەو کێشانە بزانێت.

سەبارەت بە ڕازینەبوونی بەغدا بە دانی حەڤدە لە سەدی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی هەرێم لەمبارەیەوە، بەڕێزیان گوتی: هێزە سیاسییەکانی کوردستان کۆدەبنەوە تاکو بڕیارێک لەسەر ئەو بابەتە بدەن، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە دەبێت بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان حەڤدە لەسەد بێت و هیچ کاتێکیش داوای داخستنی دەرگاکان لەگەڵ بەغدا ناکەین، بەڵکو داوای گفتوگۆ دەکەین. لە گفتوگۆدا دەتوانین بگەینە چارەسەرێک، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئێمە دەمانەوێت ئارامییەکی بەردەوام لە عێراقدا هەبێت یان بەردەوام ئەو کێشانە هەبن؟ ئەگەر بمانەوێت ئارامی لە عێراقدا هەبێت، دەبێت ئەو لۆژیکە بەلاوە بنێین کێ بەهێزە و کێ نا، دەبێت دابنیشین ئەو کێشانە بە گفتوگۆ چارەسەر بکەین. ئەگەر بە ڕاستی بەغدا نایەوێت ئارامی لە عێراق هەبێت، ئەم کێشانە هەر دەمێنن و گەلی کوردیش هەر دەمێنێت و هەردەم داوای مافی خۆیشی دەکات، واتە ئەم بابەتە نابێت بەو شێوەیە بمێنێتەوە، بابەتەکە پەیوەندیی بە حزبێکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە گەلێکەوە هەیە کە داوای مافی خۆی دەکات و ئەو مافەش دەستوورییە و لە دەستووری عێراقدا هاتووە. بۆ وایلێهات بگەینە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم؟ چونکە ئێمە بێئومێد بووین ئەم دەستوورە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر دەستووری عێراق بە ڕاستی جێبەجێ دەکرێت و گەلی ئێمە دڵنیا دەبێت لەوەی کە پاشەڕۆژێکی باشی دەبێت، بێگومان پەنا ناباتە بەر هیچ ئامراز و شتی دیکە. دەبێت بەغدا بیر لەوە بکاتەوە کە پێویستە ئارامی لە عێراقدا هەبێت و هەرێمی کوردستانیش وەک بەشێک لە عێراق دەبێت ئەو ئارامییەی تێدا بێت، ڕێگەی گەیشتن بەو ئارامییە گفتوگۆییەکی جدییە لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای ئەو دەستوورەی کە گەلی عێراق دەنگیان پێداوە.

دەربارەی ئەوەی کە بەغدا لە جیاتی پێشوازیکردن لە شاندێکی سیاسی، ئامادەیە پێشوازی لە شاندێکی تەکنیکی بکات و بەشدارینەکردنی گۆڕان لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنەکان لەگەڵ حکوومەتی هەرێم و کاریگەریی ئەو بزووتنەوەیە لەسەر دواخستنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا، بەڕێز سەرۆک وەزیران ئاشکرای کرد: ئێمە نەمانبیستووە بەغدا داوایەکی فەرمی لە هەرێمی کوردستان کردبێت پێشوازی لە شاندی تەکنیکی دەکەن و شتی وا نەبووە. ئەو کۆبوونەوەیەی دوێنێ بڕیاربوو لەگەڵ فراکسیۆنەکان ئەنجام بدرێت، تەنیا ئەوە بوو کە بڕیاردرا دوابخرێت بۆ کاتێکی دیکە و پێشبینیی ئەوەش ناکەم بزووتنەوەی گۆڕان بیانەوێ کێشە دروست بکەن تاکو گفتوگۆکان ئەنجام نەدرێن و ئەو بۆچوونەم لەسەریان نییە، هیچ کێشەیەک لەوە نییە کە گفتوگۆکان هەفتەی ڕابردوو ئەنجام نەدران، با هەفتەیەکی دیکە ئەنجام بدرێن.

دەربارەی داوای حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا بۆ ڕۆڵیان لە هەرێمی کوردستان و باڵادەستبوونی ئێران لە عێراق، بەڕێز سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند: وا باشتر دەبێ لەو بابەتەدا پرسیار لە خودی ئەمەریکییەکان بکرێت. ئێران دراوسێی ئێمە و عێراقیشە و دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەموو لایەک باش بێت و بە هەمان شێوە دەخوازین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەمەریکاش باش بێت. لە چەندین کۆبوونەوەدا لەگەڵ باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، باسی داواکارییەکانی خۆمان کردووە، ئەمەریکا لە پەیامی فەرمیی خۆیدا دەڵێت ئێمە دەمانەوێت حکوومەتێکی بەهێزی هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەوەی ئێستا ئەمەریکا دەیکات ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونە نییە، ئێمە وای دەبینین کە ئەمەریکا بەداخەوە تا ئێستاش لایەنگری بەغدا دەکات نەک هاوسەنگی لە نێوان هەولێر و بەغدا ڕابگرێت، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین ئەوەیە کە ئەمەریکا ئەو هاوسەنگییە ڕابگرێت و یارمەتیی هەردوولامان بدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا.

لە وەڵامی پرسیاری کۆتاییشدا دەربارەی چارەسەر بۆ دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و هەنگاوی داهاتووی حکوومەتی هەرێم بەرامبەر بە بەغدا، بەڕێز سەرۆک وەزیران گوتی: زۆر قسەم لەسەر ئەو بابەتە کردووە و هەرچی بیڵێم دووبارەیە، ئێمە دەمانەوێت گفتوگۆ و دیالۆگ لەگەڵ بەغدا هەبێت و کێشەکان چارەسەر بکەین و هیچ جێگرەوەیەکیش بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا نابینین. خواستی هەرێمی کوردستان ئەوەیە لە چوارچێوەی دەستووردا کێشەکان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات.



## حکوومەتی عێراق پێچەوانەی دەستوور ڕەفتار دەکات



## نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا بنەمای دیالۆگ دووپات دەکەنەوە

سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە 2017/11/13 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە بەڕێز ڕامۆن بلیکوا باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق و خاتوو کلاریس پاستوری، بەرپرسی نووسینگەی یەکێتیی ئەورووپا لە هەولێر کرد.

لە دیدارێکدا کە بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران ئامادەی بوو، بەڕێز بلیکوا خۆشحاڵیی خۆی بە دووەم سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی و سەرەخۆشی لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ گیانلەدەستدانی ئەو هاووڵاتیانەی بەهۆی بوومەلەرزەی شەوی ڕابردووەوە گیانیان لەدەستداوە و ئامادەیی یەکێتیی ئەورووپای بۆ هەر هاوکارییەک لەمبارەیەوە نیشان دا. هەردوولا جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یەکێتیی ئەورووپا ڕۆڵی خۆیان لە زەمینەسازی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی جددی لە نێوان هەولێر و بەغدا بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان ببینن، خۆشحاڵیی خۆیشیان بۆ ئارامیی هێڵی نێوان پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەربڕی و بارودۆخی ئێستایان بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و گفتوگۆ بە گونجاو زانی.

لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان سوپاسی هەڵوێستی بەڕێز باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپای لە عێراق کرد، نیگەرانیی خۆیشی بەرامبەر ڕەشنووسی پڕۆژەیاسای بودجەی عێراق دەربڕی کە تیایدا پێشێلکارییەکی زۆر بەرامبەر بە مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان کراوە، بە پێویستیشی زانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوکاریی خەڵکی کوردستان بێت تا لەمەودوا غەدرێ لێنەکرێ و ئامادەیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک بەمەبەستی دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان هەولێر و بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکان نیشان دا. تاوتوێکردنی چەند بابەتێکی پەیوەندیداریش بە بارودۆخی ناوچەکەوە، لایەنێکی دیکەی دیدارەکە بوو.



### مەسرور بارزانی پێشوازیی لە باڵیۆزی یەکێتی ئەورووپا لە بەغدا دەکات

## کوردستان پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی قبوڵ ناکات

دوێنێ دووشەممە 2017/11/13 بەڕێز مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە ڕامۆن کاساس باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا لە بەغدا کرد.

لەم دیدارەدا دواڕەوشی ناوچەکە و پەیوەندیەکانی هەولێر و بەغدا گفتوگۆی لەسەر کرا و باڵیۆزی یەکێتی ئەوروپا پاڵپشتیی یەکێتی ئەورووپای بۆ هەرچی زووتر دەستپێکردنی دیالۆگێکی ڕاستەوخۆ هەولێر و بەغدا لە سەر بنەمای دەستوور دەربڕی و ئاواتی خواست هەرچی زووتر گرژیەکانی نێوان هەردوولا کۆتاییان پێ بهێنرێت.

لە پەیوەندی بە پەرەسەندنە سەربازی و سیاسییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایش تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێویستە کێشەکان بە شێوەیەکی ریشەیی و لە بنەڕەتدا چارەسەر بکرێن بۆ ئەوەی هەمیشە لە بازنەی ئەو نادادپەروەریە مێژووییانەی کە لە بەرامبەر گەلەکەماندا دەکرێت نەسووڕێینەوە.

ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم ئامادەیی هەرێمی بۆ چارەسەریی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە دووپات کردەوە و لە هەمانکاتیشدا جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان پێشێلکردنی مافە دەستووریەکانی قبوڵ ناکات و ئاواتی خواست کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کاراتر بێنە سەر هێل بۆ ئەوەی لەمپەرەکانی بەردەم گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا لابدرێن و بەر لە گرژییی زیاتر لە دەڤەرەکەدا بگیرێت.